# کێشە ناوخۆییەکانی ڕێکخراوی هونەرمەندان بەرەو چارەسەر دەچن!!



**ئا/سەرکەوت ئەنوەر**

پاش یەکگرتنەوەی یەکێتی هونەرمەندان وڕێکخراوی هونەرمەندان، کێششەیەکی ناوخۆیی زۆر ڕویکردە ئەو ڕێکخراوە هونەرییە، دیارترین کێشەش دروستبونی شەپۆلێکی گەورەی هونەرمەندان بوو بەناوی هونەرمەندانی ناڕازییەوە، ئەم شەپۆلە هونەرییە درێژترین و چالاکترین شەپۆلی فشاری ڕێکخراوەیی بوو لەکوردستاندا لەماوەی پێنج مانگی ڕابردودا پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی ناچارکرد بۆ هاتنە ناو ئەم کێشەیەوە، تا ڕۆژی 2007/2/19لەهۆڵی کۆشکی هونەر بەبەشداری شەش پەرلەمانتار یەکەمین دانیشتنی نوێنەرانی ڕێکخراوی هونەرمەندانی ناڕازی بەڕێوەچوو، بەپێی ئەو لێدوان و وتانەی نوێنەرانی هەردولا بەرۆژنامەنوسانیان داوە پێدەچێت کێشەکان بەرەو چارەسەردەچن، بەتایبەتیش دەنگۆی ئەوە هەیە ڕێکخراوی هونەرمەندان کۆنگرەی ڕابردویان هەڵوەشێننەوەو لیژنەیەکی تەحزیری لەنوێنەرانی هونەرمەندانی ناڕازی وڕێکخراوی هونەرمەندان دروست بکرێت بۆبەخشینەوەی ناسنامەی هونەرمەندێتی و کاندیکردنی ئەندامان بۆ(کۆنگرەی هونەرمەندانی کورد) کە چارەنوسی ئەو کۆنگرەیەش بڕیارە ڕۆژی 5شەممە 2007/3/1 لەسلێمانی و لەدوهەمین کۆبونەوەی هونەرمەندانی ناڕازی و ڕێکخراوی هونەرمەندان و نوێنەری پەرلەمانی کورستاندا بڕیاری یەکجارەکی لێبدرێت.



لەپەیوەندیەکی تایبەتدا یەکێك لەهەڵسوڕێنەرانی هونەرمەندانی ناڕازی پێی ڕاگەیاندینکە" خۆشبەختانە ئەم جارە گفتوگۆکان ئاڕاستەیەکی باشیان هەیەو ڕۆژی 5شەممەش 3/1/ چارەنوسی ئەو ڕێکخراوە یەکلایی دەبێتەوە، کە ئایا قبوڵی گۆڕان دەکات یان نا؟؟

لەپرسیارێکی ئێمەشدا سەبارەت بەکاریگەری ئەوان لەسەر چارەنوسی ڕێکخراوی هونەرمەندان ئەو هونەرمەندە ناڕازیە وتی" بەڕاستی کاریگەری ئێمە بەتەنها لەسەر ئەم ڕێکخراوە نیە، بەڵکو هەروەك چۆن ئەو ڕۆژە ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان وتی هونەرمەندانی ناڕازی لەماوەی پێنج مانگی ڕابردودا گەورەترین کاریگەرییان لەسەر بزوتنەوەی هونەری کوردی هەبووە لەسەرتاسەری کوردوستان!!
چونکە بەشاهیدی زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای ڕێکخراوی هونەرمەندان هونەرمەندانی ناڕازی دەستە بژێری هونەرمەندانی کورد بوون لەکوردوستاندا..